# کچێک  لەژێر دار ئەرخەوانێکدا

شیعری  :  حەمەشوان شەریف
بەهاری   2005  سوید
Hamashwan1@hotmail.com

بەپێوە لە بەردەم
گوناهەکانی ئەم زریانی ئەوینەوە ڕاوەستابوم
من دەم ڕوانی و
ئاگریش لەدڵی ئـەو ئاڵابوو
بۆ قسەیەک بیدرکێنێ  ! .
گریمان دەمەوێ
بە پێوە لەئایندە بڕوانم  و  بترسم و
نەمەوێ ،  ڕوبارێ لەنجە بخاتە هیوایەکی دورم
شەپۆلێک بەتەوێڵی بڕوایەکەوە
بیەوێ هەڵمواسێ بە درەختی سینەیەوە و
من  نەمەوێ  ! ،!
ئەو دەمە تۆش ..ئـا کچێ  تۆش
دێیت بەخەندەیەکەوە
شیلەی بەرچینەیەک کێلاس
بەسەر لێوی تاڵمدا دەڕژی  و
فریومدەدەیت و بە خاچی پەیمانێکەوە
دەمبەستیتەوە
ئەودەمە   :!
تا ماوم دەبێ بەدیار نیگایەکتەوە بلەرێمەوە و
ئەبێ ..  هەرنەبێ  ماڵێکم هەبێ بۆ گریان
کەنارێکم هەبێ بۆ پیاسە  .
دەزانم ..هێشتا خۆشت نەویستوم !
من لێرە وە دەیبینم و  بە دابڕانەکەی
ئازار دەکرۆژم   !
دەزانم ..دێیت
لەژێربالی ئەوینێکدا
گوڵێکم بۆ لە ئاوێنەکەدەدەیت و
هۆی ڕۆشتنەکەت
ڕوون ناکەیتەوەو دەڕۆی  ! .
لەدوای خۆت
دەنوسی ماڵئاوا

تاڵە بیرکردنەوە   لەیەکەم بینین و
شیرین تر یەتەوە بیرت ماچ !
دەنووسی
تازە بەسەر چوو بۆ من نامەویٚ ببمە ئەفسانە !
ڕقم لیٚت دەبیٚتەوە وانەرمی بۆ دڵداری : -

ماڵئــاوا ....
کچی ژیٚردارئەرخەوانەکە
. (*..... )

ساڵەکان منیان پیرکرد
مەلەکان بە درەختەکانمەوە فڕین
حەوسەڵەم بۆ کچی جوان کورتر ببویەوە
ئازار ... ڕیٚگەیەکی خستبویە هەنگاومەوە
دڵم بەدەم شەماڵەوە نیگەران دەوەری
سنوورم مۆلەق و گڕاوی دەسوتا
هەناسەم کۆنەکراوە و بایەک * پەرژوبڵاوی دەکردەوە .
لەژیٚرپەنجەکانی قوتیلەیەکدا
ڕۆشنایم
وەک مۆمیٚکی شاراوە
دەیرِوانی بەسەر ئاسمانیٚکی تاریکدا
خاوخاو دەبومەوە بە تیشکی یادگاری
زبر دەمرِوانیە ئەوین .
ساڵەکانم کۆدەکردەوە
هەناسە ساردەکانم لیٚدەردەکرد
هیچی نەدەمایەوە تا کۆیانکەمەوە
بۆ ناو قەفەزی هیوا .!.
دەمزانی تۆش بەجیٚم دیٚڵی !
تکایە کچیٚ
نیگاکانتم تیٚمەگرە
دەترسیٚم لە شکانیٚکەوە خلبمەوە بۆ شکانیٚکی تر
کچیٚ گەر دەتەویٚ لەچاوانتا بمناژیت !؟
لەژیٚر ئەو دارئەرخەوانەدا لامەچۆ
با لەگۆمی گوماندا
بوویٚرم دەستت بدەمیٚ بۆ قوتاربوون ،
گەر دەزانی منت خۆشدەویٚ !
تکایە ئەو نامەیەم بۆ مەدە لە ئاویٚنەکە
من ناتوانم داڵدەتبم تا دەتخەمە سەرپیٚ و
چی هۆشیاریم هەیە بیبەخشم بیٚت !؟.
من ترساوم ..ترساو
بەڵیٚنیٚکم بدەریٚ
با بە تامەزرۆوە سەیری چاوانتکەم

**دەتوانم بتخوێنمەوە**
**هەر لەژێر ئەم دارئەرخەوانەدا**
**من دەمەوێ هەناسەمان بگمێنین**
**ئاونگمان بەشەپۆلەوە لەناو شاخدا**
**ببێتەتاڤگەیەک لە حەیران ،**
**سێبەرمان لەقەدی درەختەکەوە بئالێ**
**پێکەنینمان ڕیشکبدات بۆ ئاسمان**
**هەرزەیمان بگەڕێتەوە**
**بەڵێن بدە !**
**نامەکەم بۆنادەی لەئاوێنە بچوکەکەی ژوری تەنیام**
**نا نوسی ماڵئاوا**
**سەرینەکەی ترم ناوەرێنی ،**
**بەڵێن بدە ! بــا لای تەنیایی ڕووزەرد نەبم**
**با نەچمەوە باوەشی زوخاو**
**دەمەوێ سەوز بی لەسەر دڵم**
**تۆ**
**منت خۆشدەوێ ! وانـیە ! . ؟ .**
**دە قەد مەهێڵە من تۆم نەبێ !.**
**کچێ !**
**لە ژێردارئەرخەوانەکەدا بمێنەرەوە**
**با سێبەرمان لەدارەکە بئالێ**
**با پەنجەرەکە بکەمەوە بۆڕوانین**
**هەست ئەکەم دڵنەوایم نالەقێ .!: .**
**ئەم جارەیان ناترسم**
**وەک حەوا فریوم بەیت .!.**
**نا ترس م م م م م ......**